www.kurdistannet.org
بەكاتي ناوەندي ئەوروثا 10:35 25-5-2005

# سەرکۆمارنامە

7

حەمەسەعید حەسەن

سەرم لێ نەشێواوە، ئەوە بەوپەڕی هۆشیارییەوە خەریکی ئەوەم، ڕوومەتی زەوقی گشتی، بدەمە بەر زللەی نووسین.(١) منێک کە سەرچڵانە بۆ دەستەبژێر دەنووسم، چاوەڕێی ئەوەشم، بۆ تیری جنێوی عەوام بیمە نیشانە و دەیان تاوانم کە هیچ یەکێکیانم نەکردووە، وەپاڵ بدرێت. من فیکرێکی دیاریکراوم پێ نییە، تا بە هۆی وشەوە بۆ ئێوەی بەرجەستە بکەم، من پەیڤم پێیە و کانیاوی بیرم لە ناخی پەیڤەکانەوە هەڵدەقوڵێت.

ئەگەر نە مانای irony دەزانیت و نە زاراوەی (grotesque)ت بیستووە، ئەگەر نازانیت paradox چییە، ئەگەر هێشتا (کۆمیدیای ڕەش)ت نەژنەوتووە، ئەگەر دەرکی پێ ناکەیت لە کام جێدا نووسەر بە تەوسەوە دەپەیڤێت، ئەگەر نازانیت گەمەکردن بە وشە بەری چ درەختێکە، بیروڕای خۆت لەسەر نووسینی بنووسی ئەم دێڕانە مەخە ڕوو، ئەگەر نا دەکەویتە نێو گۆمی غەفڵەتەوە و دەبیتە قارەمانی قۆشمە. یەکێک لە لایەنە نێگەتیڤەکانی کەسایەتیی کورد، قسەکردنە لەسەر بابەتێک کە هیچی لێ نازانێت. ئەوە ئەنگی نییە شارەزای ئەم یان ئەو بوار نەبین، ئەنگی یان دروستتر کاڵفامی ئەوەیە، خۆ لە شتێک هەڵبقورتێنین کە بواری کاری ئێمە نەبێت.

کۆندۆلیزا ڕایس کە سەرکۆماری بینی، هیچی گرنگی پێ نەمابوو، لەگەڵیدا باسی بکات، ئاخر ئەو چونکە سەردانی بارزانی و جەعفەری کردبوو، ئیشی تەواو ببوو، بۆیە (مام)ی هەر بۆ دەفعی گلەیی بەسەر کردەوە. لە دیدارەکەدا ڕایس تەوقەیەکی ساردی لەگەڵ سەرکۆماردا کرد، بەڵام بە پەرۆشەوە بەرەو ڕووی هۆشیار زێباری ملی نا و ئەملاو ئەولای ڕاموسی. بە پێی زانیاریی دروستی من، کە ناچار نیم سەرچاوەکەی بدرکێنم، تاڵەبانی داوای لە ڕایس کردبوو، دیدارەکەیان بە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی کۆتایی پێ بهێنن، وەلێ ئەو ئاواتەی نەهاتە دی و بە دڵی ڕەنجاوەوە، بەرەو قەڵاچوالان ئۆغری خێری کرد. ئەگەر سەرکۆمار پیاوێکی مۆدێرن نەبووایە، هیچ دوور نەبوو، دوای ئەو ڕەفز بۆ هاتنەوەیە، گوتبای: لەقەی ماین ژانی نییە.

کە تورکان گومانیان لەوە نەما، ئەوە تاڵەبانییە دەبێتە سەرکۆماری سەفەریی عێراقی داگیرکراو، (عوسمان کۆرتورک)یان، کە کارمەندێکی وەزارەتی دەرەوەی تورکیایە، بۆ کنی ڕەوانە کرد. ئەو بەسەرکردنەوەیە، لوتکەی سەرکەوتنی قەڵاچوالان بوو، کە بە بەراورد لەگەڵ سەرکەوتنەکانی (سەری بلند)دا(٢) تەنانەت شیاوی باسیش نییە. تاڵەبانی چونکە وا ڕاهاتووە بلیت لەسەر بارگیری دۆڕاو ببڕێت، بە عوسمان کۆرتورکی گوتبوو: (ئەگەر شیعەکانی عێراق ئێرانیان هەیە، ئەوا ئێمەی کوردیش تورکیامان هەیە.)(٣)

ئەگەر پاشا یان سەرکۆمارێکی دیکتاتۆریت، لەسەر کورسییەکت دەمێنیتەوە، بە مەرجێک لە مەسەلەی دژایەتیکردنی تیرۆردا لە سەنگەری ئەمریکادا بیت، کەریمۆفی دیکتاتۆری ئۆزبەکستان، ئەگەر لە بواری دژایەتیکردنی تیرۆردا، هاوسەنگەری ئەمریکا نەبووایە، لەمێژبوو دەسەڵاتی بە دەستەوە نەمابوو. دیکتاتۆری سووریا چونکە پشتی تیرۆریستان دەگرێت، پێ دەچێت گەڵای تەمەنی حوکمی، ڕوو لە وەرین بێت، کەچی سەرکۆماری عێراقی بندەستی ئەمریکا، قەت لە زیکر و فیکری بەعسی سووریای خۆڕاگر غافڵ نییە!(٤) بۆیە ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە، جێگەی بایەخی ڕامسفیلد و ڕایس نەبێت.

2005. 05. 25

(١) سوودم لە دەربڕینێکی مایاکۆفسکی وەرگرتووە.

(٢)شارەوانیی سەلاحەدین، سەری ڕەشی ناوناوە سەری بڵند، نەک من.

(٣) ئیلنوور چەڤیک، دیدێکی نەنەدۆلیبیانە، گوڵان، ژمارە (٥٣٧) ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/١٩

(٤) من لە زیکر و فکری تۆ غافڵ نەبووم وا تێنەگەی

حەپس و تێهەڵدان و زیللەت تۆی لە بیر بردۆتەوە. بێکەس